کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-4-2007 14:19

# تکایە لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە و وورد بۆ ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان سزادانی تاوان باران و ڕیسوا کردنی ...

چنکار ئەحمەد عەلی

زورنا ژەنەکانی حاویەی خۆڵەکە

پاش ئەوەی هەواڵی رفاندن و لێدانی نەبەز گۆران بڵاو بۆوە هێرشێکی کوێرانە ئەکرێتە سەر ئەم و ئەو بی ئەوەی کەس بزانێت کی ئەم کارە قێزەونەی کردوە، کی ناڵی ئەمە بەزم نیەو خەڵکانی تر ئەم فرسەتەیان نە قۆزتۆتەوە

و گوایە سەرۆ قادر دوژمنی نەبەزە جێگای سەر سوڕمانە، ئەی بۆنا زۆرمان بینیوە و بیستوە کاتێك دوکەس لێك بڕەنجێن کەسانێکی مشە خۆر چۆن ئاگرەکە خۆش ئەکەن و تۆڵەی خۆشیان ئەکەنەوە و رقو کینەیخۆیان هەڵئەڕێژن چونکە ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە هەر وابوە هەتا دوقسەی خێر ئەبیستی هەزار قسەی نابەجی ئەبیستی، ئەگەر بڕوانینە حاویەی خۆڵەکەی K P بۆمان دەرئەکەوی ئەمانە چۆن نان و پیازی پێوە ئەخۆن و خۆیان کردۆتە شەریفی مەککە و گوایە ئەمانە و ئەوانەی لەپشتیانەوەن ئاگایان لە مەحموی بێزەوانیە، پەلەمەکەن لێکۆڵینەوەکان جاری لەسەرەتادان زۆر شتمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە و ڕاستیەکان دەرئەکەون ئەوکاتە خەڵك ئەزانن کی لە دوای ئەم کارەوەیە، ئەگێرنەوە دوو کابرا بەشەر دێن یەکێکیان بەوەی تر ئەڵێت شەرتبی بتخەمە سواڵ دراوسێیەکیان گوێی لەم قسەیە ئەبێت شەو ئەچێتە سەر خەرمانی کابرای هەڕەشە لێکراو ئەیەوێت بیسوتێنێت بەڵام کابرای خاوەن خەرمان لەوی ئەبێت و کابرا ئەگرێت کە بۆی ڕوون بۆوە ئەمە مەبەستیەتی دوژمنایەتی بۆ بنێتوە یەکسەر ئەچێتە لای کابرای کە لەگەڵی بەشەر هاتبو هەموو باسەکەی بۆ ئەگێرێتەوە و هەر لەوی ئاشت ئەبنەوە و کابرای فیتنەچیش رسوا ئەکەن، لێرەدا با ئێمە باشتر بڕوانینە ڕوداوەکان بێگومان ئەو کارە لەلایەن کەسانێکی نادیارە ئەنجام دراوە ئەمەش جێگای پرسیارە؟ پێویستە بەهەرچ شێوەیەك بێت ئەو تێڵا بەدەستانە بدۆزرێنەوە و سزا بدرێن من حەزم ئەکرد نوسەرە بەتواناکان وەڵامی ئەمانەیان بدایایەتەوە خۆزگە منیش تواناى نوسینم هەبوایە و وەك نوسەر بمتوانیایە چوارووشەی مووشەك ئاسام ئاراستەی ئەم زوڕنا ژەنانە بکردایە خۆ ئەمانە زمانیان لە (... ) یان پیسترە من نە زانیوە ڕۆشنبیران ئەم ووشانەیان لێ بوە شێتەوە ئەمانە نوسەرن یا (مهرج) بڕوانە لە شێواندنی وێن و قسەی بازاری زیاتر چیان لایە کامە بابەتی بەپێز کە ئێمەی خوێنەر سودمان لێوەرگرتبێت، لەهەمووی سەیر تر ئەوەیە کەسێك وەك خۆیان نەبێت سەنەگەری لێئەگرن، بۆیە ئێمە داواکارین تکایە لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە و وورد بۆ ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان سزادانی تاوان باران و ڕیسوا کردنی زوڕنا ژەنەکانی حاویەی خۆڵەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.